# مێتۆلۆجیای یۆنانی

نووسین

ئێریك ئێریكسۆن

نیگار

ئێڤا ئێدە

تەرجەمەی لە نەرویژییەوە

کەریم مستەفا

کۆمەک - ئوسلو 2006

مێتۆلۆجیای یۆنانی
نووسەر: ERIK ERIKSSON
نیگار: EVE EDE
وەشانی نەرویژی: LETTEST FORLAG 2005

تەرجەمەی لە نەرویژییەوە: کەریم مستەفا
مۆنتاژ و هونەرکاری: حەمە زانکۆ
وەشانی کوردی: کۆمەک - ئوسلو 2006
www.komak.nu

# پێڕست

1- زۆر زۆر لەمەوبەر لە یۆنانی کۆندا
2- دونیا چۆن دروست بوو؟
3- ماڵی خواوەندەکان
4- خواوەندی دەریا
5- لە جیهانی مردووەکاندا
6- خواوەندی خۆر
7- خواوەندەکان و ئەڤین
8- ئێرۆس و پسیکە
9- خواوەندەکانی جەنگ
10-خواوەندە جوانەکەی تاربەدەست
11-خاتووخواوەندی ڕاووشکار
12-پەیامبەری خواوەندەکان
13-خواوەندی شوانەکان
14-خواوەندی شەراب
15-خواوەندی ئاگر
16-ئەوکاتەی مرۆڤ ئاگری وەرگرت
17-قوتوەکەی پاندۆراس
18-هێراکلیس، قارەمانە بەهێزەکە
19-شیرەڕێ، کەشکەڵان
20-هێراکلیس شێت دەبێت
21-دەعبای نۆسەر
22-تەویلە پیسەکە
23-سەگە دڕەکەی جیهانی مەرگ
24-ئۆرفێڤس و ئێڤریدکە
25-تسێڤس و ئاریادنە
26-کاتێ کە ئیکارۆس فڕی

**27-**جەنگی یۆنانەکان دژبە ترۆیا - سێوەکەی شازادە پاریس
**28-**هیلێنای جوان
**29-**ئاکێلیسی قارەمان
**30-**شەڕ لە ترۆیا
**31-**ئەسپە دارینە
**32-**گەشتەکەی ئۆدیسێڤس
**33-**خواوەندەکانی یۆنان و ڕۆمان

# زۆر زۆر لەمەوبەر لە یۆنانی کۆندا

زۆر لەمەوبەر لە یۆناندا گەلێ میرنشین و دەوڵەتۆکە هەبوون. هەندێکیان دورگەیەکی بچووک بوون و هەندێکیشیان تەنها شارێك بوون. هەر شار و دەوڵەتۆکەیەکیش پادشایەکی هەبوو. هەندێك لەو شارانە گەلێ گەورە و خاوەن هێز بوون. ئاتێن و سپارتە دوو لەو شارانە بوون. هەندێ جار ناکۆکی و جەنگ لە نێوان ئەو دەوڵەتۆکە و شارانەی یۆناندا هەڵدەگیرسا. بەڵام هەر کاتێك وڵاتێکی دیکە پەلاماری یۆنانی دابا، جەنگاوەرانی یۆنان دەبوونەوە بە برا.

گرێکەکان (یۆنانەکان)، حەزیان لە تیاتەر و شانۆگەری و نواندن بوو. پێش دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ بەرلە ئێستا، گەلێ درامانووسی بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوتووە و هەتا ئەم سەردەمەش شانۆگەرییەکانیان نمایش دەکرێنەوە.

لە یۆناندا گەلێ هونەرمەندی بە توانا و دەسترەنگین هەبوون. پەیکەرتاشانی یۆنان، بەناوبانگ بوون. پەیکەرە کۆنەکانی یۆنان، تا ئێستا لە هەموو جیهاندا مایەی سەرسوڕمانن. گرێکەکان گەلێك زانای زیرەکیان تێدا هەڵکەوتووە، ئەوان لە بلیمەتەکانی سەردەمی خۆیان بوون. خە ڵکی وڵاتانی دیکە، گەلێ شت لە یۆنانەکانەوە فێربوون.



گەلێ فەیلەسووفی بەناوبانگ لە یۆناندا هەڵکەوتوون. ئەو فەیلەسووفانە هەوڵیان داوە خەڵکی فێری بیرکردنەوە و ڕامان بکەن. هەمیشە ڕێبازی نوێیان بۆ ژیان دادەنا. سۆکراتێس و پلاتۆن دوو بەناوبانگترین فەیلەسووف بوون. ئێستاش ئێمە ئەو تێکستانە دەخوێنینەوە کە سۆکراتێس بیری لێکردوونەتەوە و پلاتۆن نووسیونی.

گریکەکان بڕوایان بە خواوەند هەبوو. بۆ هەموو دیاردەیەکی ئەم سروشتە خواوەندێکیان هەبووە. هەندێ جار، خواوەندەکان دەبوونە هاوسەری مرۆڤ و منداڵیان دەبوو. ئەو منداڵانە یان دەبوونە نیوەخواوەند، یان دەبوونە قارەمان!

گریکەکان پەرستگەیان بۆ خواوەندەکان دروست دەکرد. لەو پەرستگەیانەدا هەم قوربانیان دەدا و هەم نوێژیان بۆ خواوەندەکان دەکرد. گەلێ لەو پەرستگەیانە وێرانبوون. ئەوەی ماوەتەوە تەنها چەند پایە و لادیوارێکن.

دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ بەر لە ئێستا، لەناو گشت ئەو خەڵکانەی کە لە ڕۆخەکانی دەریای ناوەڕاستدا دەژیان، گریکەکان بە دەسەڵاتترین خەڵکێك بوون. تەنانەت هەتا ئێستاش ناوی هەندێ لەو خواوەندانەی یۆنان هەر ماون. چەند ئەستێرەی ئاسمان بە ناوی ئەو خواوەندانەوە ناونران. هەروەها ناوی چەندین قارەمانی یۆنان هەر ماونەتەوە لەسەر زمان.

# دونیا چۆن دروست بوو؟

لە سەرەتادا هیچ شتێك ڕێکوپێك نەبووە، دنیا هەرا بووە. ئاسمان، ئاو، هەوا و خۆڵ بێپەروا دەسووڕانەوە. هیچ جیاوازییەك لە نێوان تاریکی و ڕووناکیدا نەبووە. گشت ئەو شتانە هەر تێکەڵبوون. ئەمە هەرا بوو، هەرا. خەڵکی یۆنان، زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا، بڕوایان وا بوو.

بەڵام لە پڕێکدا گۆڕانێك ڕوویدا. ئا لەو هەرایەدا، دایەزەوی «گایا» هەڵسا. گایا، گەلێ منداڵ و نەوەی بوون. ئەوانە هەموویان خواوەندەکانی یۆنان بوون.

مەزەنترینی گشت خواوەندەکان زێڤس و هادێس و پۆسیدۆن بوون. ئەمانە هەرسێکیان برا بوون و جیهانیان لە نێوان خۆیاندا بەش کردبوو.

زڤیس، ئاسمان
پۆسیدۆن، دەریا.
هادێس – یش جیهانی مردووەکان.

# ماڵی خواوەندەکان

بەرزترین چیای یۆنان، نزیکەی سێ هەزار مەتر بەرزە. لە لوتکەی ئەو چیایەدا گەواڵەی هەورە. گریکەکان بڕوایان وابوو کە خواوەندەکان لەو سەرە دەژین. ماڵی خواوەندەکان لەسەر ئەو لوتکەیە پێیان دەگوت ئۆڵێمپن. زڤێس میری ئۆڵێمپن بوو.

زڤێس شای گشت خواوەندەکان و مرۆڤیش بوو. ئەو ویستی خۆی بە گەلێ شێواز نیشانی مرۆڤ دەدا. کاتێ ئاسمان بروسکەی دەکرد، خەڵکی دەیانزانی کە ئەوە زڤێسە دەپەیڤێ.
هەندێ جاریش هەوری خڕ دەکردەوە و دەیکردە زریان. جاری واش هەبوو بە باڵندەدا پەیامی خۆی دەنارد. لە ناو خەڵکەکەدا کەسانی دانا هەبوون، زمانی مەل و باڵندە تێدەگەیشتن. ئیدی ئەوانیش پەیامەکەی زڤێسیان بۆ مەردەمەکە ڕاڤەدەکرد.

زڤێس لەگەڵ خوشکەکەی خۆیدا، خاتووخواوەند «هێرا» هاوسەر بوو. ئاخر هەردووکیان منداڵی گایا بوون. زڤێس و هێرا گەلێ منداڵیان هەبوو.

هێرا، خاتووخواوەندی هاوسەریی و خێزان بوو. بەڵام خێزانەکەی خۆی، پڕ لەکێشە بوو. لەگەڵ زڤێسی هاوسەری، نزیکەی هەردەم ناکۆك بوون. زڤێس مێردێکی سەرڕاست نەبوو. زۆر جار عاشقی خاتووخواندەکانی دیکە دەبوو. جاروباریش عاشقی ژنانی ئاسایی دەبوو. ژبەرهەندێ، زڤێس ڕوخسار و قەڵافەتی خۆی دەگۆڕی، تاکوو نەناسرێتەوە.

جارێکیان، زڤێس عاشقی ژنێك بوو. ژنەکە ناوی«لێدا» بوو. لێدا لە کەنار دەریادا مەلەی دەکرد.
زڤێس خۆی کرد بە قازێك و چوو لە ئامێزیداخۆی گرمۆڵە کرد.

جارێکی دیکەشیان، زڤێس عاشقی کچێکی زۆر جوان بوو. کچەکە ناوی «ئێورۆپا» بوو. زڤێس خۆی
بۆ کرد بە جوانووگایەك. هەندێ جاریش، زڤێس هەڵۆ ئاسا، بەرزەفڕ دەهاتە میوانی ئەو ژنەی عاشقی دەبوو.

زڤێس و خواوەندەکانی دیکەش، هەڵە و کەموکووڕیی خۆیان هەبوو. هەندێ جار، لەگەڵ یەکدیدا ناکۆك و دژ، هەندێ جاریش، میهرەبان و هێمن بوون.

خواوەندەکان نهێنیەکانی ژیانی گشت مرۆڤیان دەزانی. هەندێکیان خۆش دەویستن و هەندێکیشیان دەبوغزاند. هەندێ جار، دوو خواوەند دەبووە شەڕیان، لەسەر ئەوەی یەکیان مرۆڤێکی خۆش دەویست و ئەوەی دیکەیان هەمان مرۆڤی دەبوغزاند.

خواوەندەکانی ئۆلێمپن گەلێ بە زەبر و دەسەڵات بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە خەڵکی ئاسایی دەچوون.

# خواوەندی دەریا

پۆسیدۆن، برای زفێس، لە دوندی ئۆڵیمپن نا، لە قوڵایی دەریادا دەژیا.
پۆسێدۆن، میری دەریا و گۆم و ڕووبار بوو. هەمیشە چنگاڵێکی گەورەی سێ نووکی بەدەستەوە بوو.
گەلێ جار بوومەلەرزە یۆنانی دەهەژاند لەبەر ئەوەی پۆسیدۆن، بەخۆی و چەنگاڵە گەورەکەی دەستیەوە، بە بن دەریادا دەڕۆیشت.



خواوەندی دەریا، هەرکاتێك ویستبای توانای خۆی نیشان بدات، داروبەردی دەلەرزاند و خانووی خەڵکی دەرووخاند.

دەریا هەردەم گوێڕایەڵی پۆسیدۆن بوو. هەر کاتێ ویستبای شەپۆلانی دەبزواند، حەزیشی کردبا دەریای خامۆش دەکرد و شەپۆلان هێمن هێمن، بەدەم نەرمەباوە، دەهاتنە لەنجەو سەما!

جارجارە، پۆسیدیۆن بە گالیسکەیەکی زۆر جوانەوە بەسەر شەپۆلاندا دەیهاژوو. گالیسکەکەی ئەسپانێك ڕایاندەکێشا، سمیان وەك زیوو دەبریسکانەوە و یاڵیان شەپۆلی دەدا.
پۆسیدیۆن دەیتوانی ئەسپیش ڕام بکا، هەر بۆیە خواوەندی گشت ئەسپانیش بوو.

پۆسیدیۆن، لەگەڵ «ئەمفیتریتە» دا هاوسەر بوو. باوکی ئەمفیتریتەش خواوەندی دەریا بوو، بەڵام هێندەی پۆسیدیۆن بە زەبر نەبوو.

ئەمفیتریتە خاتووخواوەندی دەریا، پێکڤە لەگەڵ پۆسیدیۆن لە کۆشکێکی مەزندا لە بنی دەریادا دەژیان و کوڕێکیان هەبوو ناوی «تریتۆن» بوو. ئەم کوڕە نیوە ماسی و نیوە مرۆڤ بوو. تریتۆن، هاوڕێی دۆلفینەکان بوو. گەمەی لەگەڵ دەکردن و زۆر جاریش سواری پشتیان دەبوو. تریتۆن، گوێچکەماسیەکی گەورەی پێبوو فووی پێدا دەکرد. هاژەیەکی لێوە دەهات، لە دەنگی مۆسیقا دەچوو. بەم هاژەیە، دەریای توڕە و شەپۆلی سەرشێتی ئارم دەکردەوە.



پۆسیدۆن گەلێ مندالّی دیکەی لە ژنانی ئاسایی هەبوون. چونکە ئەویش، وەك زڤێسی برای، مێردێکی سەرڕاست نەبوو.

یەکێك لەکوڕەکانی پۆسیدیۆن، ناوی «پۆلیفێمۆس» و دێوێکی تاکچاو بوو. تاکەچاوەکەشی لە تەخی تەوێڵیدا بوو.

گرێکەکان گەلێ پەرستگەی جوانیان، بۆ پۆسیدۆن، بنیاتنابوو. ئەو پەرستگەیانە، گشتیان نزیك دەریاکان بوون. هەتا ئێستاش، پایە و کەلاوەی هەندێکیان هەر ماون.

# لە جیهانی مردووەکاندا

کاتێك کەسێك دەمرد، بەرەو جیهانی «هادێس» دەچوو. هادێسیش برای زۆیس بوو. بە جیهانی مەرگیشیان دەگوت هادێس. جیهانەکە و خواوەندەکەی، هەر یەك ناویان هەبوو. جیهانی مەرگ تاریك و ترسناك بوو. هاوسەرەکەی خواوەندی مەرگ ناوی «پێرسەفۆنە» بوو.
هەر کەسێك بمردایە و بەرەو جیهانی مەرگ بچوایە، سەرەتا دەچووە گوێ ڕووبارێك. لەوێ بەلەمێکی بچووك و بەمەلەوانێك چاوەڕوەڕێیان دەکرد.



بە ڕووبارەکەیان دەگوت «ستیکس» و بەلەمەوانەکەش ناوی «کارۆن» بوو.
کارۆن لە بەلەمەکەی خۆیدا مردووەکەی لە ڕووباری ستیکس دەپەڕاندەوە بۆ بەردەم دەروازەی جیهانی مەرگ.
وەلێ کارۆن بۆ ئەو کارەی هەقدەستی دەویست و دەبوایە مردووەکە پارەی بداتێ.
لە بەرهەندێ، ئەو سەردەمە، لە یۆنان هەر کەسێ بمردایە، دراوێکی مێتاڵیان لەناو زاری دەچەقاند. لە بەردەم دەروازەی جیهانی مەرگدا سەگێك پاسی دەکرد، زۆر دڕ و ناشیرین بوو. بەو سەگەیان دەگوت «کاربارۆس». کاربارۆس، سێ کەللەی هەبوو، هەر سێ کەللەی پێکەوە دەوەڕین و دەیانمڕاند. کلکیشی هەژدیها بوو.
دوای چوونە ژوورەوەی مردووەکە لە دەروازەکە ڕووبەڕووی داوەر دەبۆوە. داوەرەکان بڕیاریان دەدا کە

سەرئەنجامی کەسی مردوو چیَ بێت!
بۆ هەندێك لە مردووان باش دەچووە سەر و ڕەوانەی دورگەی بەختەوەران دەکران. لەوێندەر، جێگەکە خۆش و ئارام و گشت بەختەوەر بوون.
بۆ هەندێکی دیکە، بەخراپ دەشکاوە و فڕێ دەدرانە کونە ڕەشەوە. لەوێندەر بە گەلێ شێوە ئازیەت دەدران. بەناوبانگترینی ئەو کەسانی لەوێندەر سزا دەدران، ناوی «سێزیفۆس» بوو. سێزێفۆس، دەبوا گابەردێك بە قەدپاڵی شاخێکی سەختدا، سەربخات. وەلێ هەرکاتێك، دەگەیشتە نزیك لووتکەی شاخەکە، گا بەرد دیسان بەرەو خوار گلۆر دەبۆوە. جا دەبوایە، سێزیفۆس سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە. سێزێفۆس، هەر گیز لەم سزایە ڕزگاری نەدەبوو. ئەمێستاش سزاکەی سێزیفۆس، وەك نموونە بۆ کەسێك، یان کارێك کە بە ئەنجام نەگات، بە کاردەهێنرێت.
لە جیهانی مەرگدا، هادێس، بڕیاردەر بوو. ئەو دەیزانی چ لەژێر زەویدا هەیە. دەیزانی لە کوێدا زێڕوزیو هەنە. ژبەرهەندێ، نەك هەر بەدەسەڵات، بەڵکوو گەلێك زەنگینیش بوو.

# خواوەندی خۆر

«هیلیۆس» خواوەندی خۆر بوو. هەموو ڕۆژێك، بەپانتایی ئاسماندا، خۆری دەهاژووا. خۆر کەژاوەیەکی پرشنگدار بوو. چوار ئەسپی سپی سەرکێش، ڕایاندەکێشا. کەژاوەی خۆر هەموو ڕۆژێك لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆر ئاوا دەچوو.



تەنها، هیلیۆس دەیتوانی کەژاوەی خۆر بهاژووێ. بەڵام کوڕەکەی هیلیۆس، زۆر حەزی دەکرد، کە جارێك، ئەویش کەژاوەی خۆر بهاژووێ. لە بابی پاڕایەوە، کە تاکە جارێك ڕێگەی پێدا

کەژاوەی خۆر بهاژوێ. سەرەتا، کار باش چووە پێش. کوڕە، جڵەوی ئەسپەکانی گرتە دەست؛ بەڵام هەرزوو جڵەوی لە دەست دا و ئەسپەکانی بۆ دابین نەکرا. ئەسپەکان هەستیان کرد کە جڵەوبەدەستیان ناتوانایە، کەوتنە سەرکێشی و هەریەك بە لایەکداغاری دا. کەژاوەی خۆر گەرم داهات و داغ بوو. تا دەهاتیش لە گۆی زەوی نزیك دەبۆوە.

کەژاوەی خۆر هێند گەرم بوو، گڕی گرت. ئاوی دەریا و گۆمەکان هاتنە کوڵان. مرۆڤ و گیان لەبەران لە گەرمان دەتەقین. زفێس، کە ئەم ڕووداوەی بینی، گەلێ توڕەبوو. بروسکەیەکی گرتە کوڕە و یەکسەر کوشتی. ئیدی ئەسپەکان هێمن بوونەوە و ڕێگەکەی خۆیان گرتەوە بەر. هیلیۆس، پرسەی بۆ کوڕە کوژراوەکەی دانا و چیدی ئارەزووی نەبوو کەژاوەی خۆر بهاژووێ. گشت خواوەندەکانی دیکە نیگەران بوون. ئەو خواوەندانە، زۆریان بۆ هیلیۆس هێنا، کە وەك جاران دەست بکاتەوە بە هاژووتنی کەژاوەی خۆ. خواوەندەکان، هیلیۆسیان قایل کرد.
هێلۆس وەك جاران کەژاوەی تیشك و گزنگی بە ئاسماندا دەهاژووا. هیلیۆس ئێواران ئەسپەکانی دەخستە کەشتییەکەوە و شەو کە تاریك دادەهات، بەرەو خۆرهەڵات دەکەوتە ڕێ. لەگەڵ کازیوەدا لە خۆرهەڵاتەوە دەکەوتەوە ڕێ و گەشتی کەژاوەی خۆر، بەپانتایی ئاسماندا دەستی پێ دەکردەوە.

# خواوەندەکان و ئەڤین

«ئەفرۆدیتە» خاتووخواوەندی ئەڤین و دڵداری بوو. ئەفرۆدیتە لە کەفی دەریاوە زابوو، دواتر هاتبووە دوورگەیەك و لەوێوە بۆ ئۆڵمپن هەڵکشابوو. ئەفرۆدیتە جوانترین خواوەند بوو. ژبەرهەندێ، خاتووخواوەندەکانی دیکە ئێرەییان پێ دەبرد. ئەفرۆدیتە کۆترێکی هەبوو؛ ئەو کۆترە باڵندەی نازداری وی بوو. هەر خۆی خواوەندی میوە و گوڵانیش بوو. زڤێس، کە هەردەم عەوداڵی ژنانی جوان بوو؛ دەیویست ئەفرۆدیتەی جوانیش هەر بۆ خۆی بێنێت. وەلێ ئەفرۆدیتە ڕازی نەدەبوو، جا بۆیە زڤیس سزای دا و مێردێکی بۆ دەستنیشان کرد هەم ناشرین و هەم قەموور. ئەو پیاوە «هێڤایستۆس» بوو. هیڤایستۆس، هەم خواوەند و هەم ئاسنگەریش بوو.



هیڤایستۆس لەگەڵ ئەفرۆدیتەدا بەختەوەر نەبوو، چونکی ئەفرۆدیتە گەلێ دۆست و عاشقی هەبوو. هەندێکیان خواوەند بوون و هەندێکان مرۆڤ. «ئادۆنیس» مرۆڤێکی گەنج و قۆز بوو. ئەفرۆدیتە شەیدای ببوو. جا لەبەر هەندێ «ئارێس»، ئادۆنیسی کوشت. ئادۆنیس بۆ جیهانی

مردوان کۆچی کرد و لای هادێس گیرسایەوە. ئەفرۆدیتە بەناو زەویدا چویە خوارێ بۆ هادێس. لەوێڕا ئادۆنیسی دیتەوە. وەلێ پێرسەفۆنە، خواوەندی مەرگ، نەی هێڵا ئادۆنیس لە هادێس بچێتەدەرێ. چونکێ ئەویش شەیدای ببوو. ناچار، زۆیس خۆی لەو ناکۆکییە هەڵقورتاند و بڕیاریدا کە ئەفرۆدیتە و پێرسفۆنە، هەردووکیان بە هاوبەشی ئادۆنیسیان هەبێت. ماوەیەك ئادۆنیس لە جیهانی ژێرەوە لای پێرسفۆنە بێت و ماوەیەکیش لە ئۆڵمپن لەلای ئەفرۆدیتە. ئیدی ئەوهابوو. بەڵام ئادۆنیس بۆ ئەو هەموو هاتووچۆیەی نێوان ئاسمان ودنیای ژێرەوە (ئۆڵیمپین و جیهانی مەرگ) چی دەگوت؟

کاتێك گەورە خواوەندێکی وەك زۆیس بڕیار بدات، ئیدی ئەوی مرۆڤ چی بڵێت ؟

ئەفرۆدیتە گەلێ منداڵی هەبوو، یەکێك لە کوڕەکانی ناوی «ئێرۆس» بوو. ئێرۆس خواوەندی خۆشەویستی و عەشق بوو. هەمیشە تیروکەوانێکی بەدەستەوە بوو. هەندێ جار ئێرۆس، تیرێکی دەدا لە دڵی مرۆڤێك، ئیدی ئەو مرۆڤە، عاشق و شەیدای ئەوکەسە دەبوو کە یەکسەر دوای بەرکەوتنی تیرەکە دەیبینی، جا هەرکەسێ بوایە. کەس نەیدەزانی ئێرۆس، کەنگێ تیرەکانی دەهاوێژێ و لە کێی دەگرێ.

عەشق وابوو لە لای گرێکەکان. ئاسان نەبوو هەروا ڕاڤەی بکەن.

# ئێرۆس و پسیکە

کیژە شازادەیەك هەبوو ناوی «پسیکە» بوو. خەڵکی دەیانگوت
- پسیکە، جوانترین کیژی دنیایە، کەس لەو جوانتر نییە!

ئەم دەنگۆیە گەیشتەوە گۆێی ئەفرۆدیتە و بە جارێك هەراسانی کرد. ئاخر، ئەفرۆدیتە کە جوانترین ژنی دنیا بوو، دەیویست هەر خۆی ئەو پلەوپایەیەی هەبێت و کەس هاوتای نەبێت. ئەفرۆدیتە دواوای لە ئێرۆسی کوڕی خۆی کرد کە یارمەتی بدات. ئێرۆس دەبوایە وا لە پسیکە بکات کە شەیدای پیاوێکی ناقۆلاو خراپ بێت. ئێرۆس خۆی ئامادەکرد و بە تیروکەوانەکەیەوە بە شوێن پسیکەدا دەگەڕا. بەڵام هەر کە چاوی پێکەوت، یەکسەر خۆی شەیدای بوو.



ئیرۆس بە بای شەماڵدا، پسیکەی گواستەوە بۆ کۆشکێك. لەوێندەر، خواردن وشەرابی نایابی بۆ دادەنرا. پێخەفی نەرمونۆڵی هەبوو. لە تاریکی شەودا، ئێرۆس دەچووە ناو پێخەفەکەی پسیکەوە و دەستەملانی دەبوو. بەڵام لەبەر تاریکی، پسیکە نەیدەزانی ئەوە ئێرۆسە و نە

پرسیاریشی لێدەکرد کێیە! شەوێکیان، پسیکە چرایەکی داگیرساند، دیتی وا ئێرۆس لە تەنیشتیەوە لە ناو پێخەفەکەیدا نووستوە. ئێرۆس، بە ئاگا هاتەوە، یەکسەر خۆی ونکرد. پسیکە نیگەران بوو.
کەوتە گەڕان بەدوای ئێرۆسدا. گشت لایەك گەڕا، بەڵام بێ ئەنجام بوو. ناچار هانای بۆ ئەفرۆدیتە برد، کە دەبوایە ئەو کارەی نەکردبا.

ئەفرۆدیتە، زۆر تووڕەبوو، لەوەی کە ئێرۆسی کوڕی فێڵی لێ کردووە و ڕاستیی لێ شاردۆتەوە. لە بەرهەندێ ویستی تۆڵەی خۆی لە پسیکە بکاتەوە.

ئەفرۆدیتە، پسیکەی ناچار کرد، هەندێ ئەرك و مەرجی سەخت جێبەجێ بکات. سەخترینی ئەو کارانە ئەوە بوو، کە پسیکە بچێتە دنیای ژێرەوە و قتویەکی تایبەت و پڕ لە ئارایشت بۆ ئەفرۆدیتە بهێنێت.

پسیکە بەرەو دنیای ژێرەوە کەوتەڕێ، تا گەیشتە ئەو جێگایەی قتوە پڕ ئارایشتەکەی لێبوو. هەڵی گرت و بەرەو دنیای سەرەوە گەڕایەوە. لە ڕێگا بەبیریدا هات قتوەکە بکاتەوە. هەر هێندەی قتوەکەی کردەوە و کەمێك خۆی ئارایشت کرد، یەکسەر خەوی لێکەوت. چونکێ ئەوەی لە قتوەکەدا بوو دەرمانی خەو بوو، نەك ئارایشت. کە ئیرۆس بەوەی زانی، ئیدی ئەو بە شوین دولبەرەکەیدا وێڵ بوو. هەتا نەیدیتەوە، نەسرەوت. کاتێك ئێرۆس پسیکەی دیتەوە، هێندەی ماچکرد، تا بە ئاگا هاتەوە.

لە ئاسمانڕا، زفێس ئاگای لەو کەینوبەینەیە، سەری لەعەشقی ئەو جووتە دڵدارە سوڕماوە. بۆیە ئەفرۆدیت ناچار دەکات واز لە تۆڵەسەندنەوە بهێنێت. پسیکە و ئێرۆس زەماوەندیان دەگێڕن و دەبنە هاوسەر. هەتا هەتایە بە یەك شادن!



# خواوەندەکانی جەنگ

یەکێك لە کوڕەکانی زێڤس ناوی «ئارێس» بوو. ئارێس، خوێنڕێژ و بێبەزەیترین خواوەند بوو. لە هەرکوێ شەڕوانەکان یەکدیان کوشتبا، ئارێس لەوێندەر بوو. هەرکاتێك خوێنڕژابا ئارێس ئاسودەبوو. هیچ کام لە خواوەندەکان ئارێسیان خۆش نەدەویست. تەنانەت زێڤسیش.



خواوەندێکی دیکەی جەنگ هەبوو؛ ئەویش خاتووخواوەند «ئەتێنە» بوو. ئەتێنە سەرکردەی گشت جەنگاوەرانی دلێر بوو. خاتووخواوەند ئەتێنە بچوایەتە هەر جەنگێك دەیبردەوە. ئەتێنەش کچی زێڤس بوو. جارێکیان، زێڤس ژانەسەرێکی سەخت دەیگرێت و کەللەی خەریکە دەتەقێت. زێڤس هاوار دەکات و هێڤایستۆسی ئاسنگەر بانگ دەکات.
- وەرە بەو تەورەت کەللەم قاش بکە!

کاتێ کە زفێس فەرمان بدات، کێ هەیە جێبەجێی نەکات! هێفایستۆس تەورەکەی دەکێشێتە تەوقی سەری زفیس و کەللەی قاش دەکات. ئەتێنە لە کەللەی زفیس دێتەدەرەوە.
ئەتێنە زرێی پۆشیبوو، بەدەستێکی قەڵغانێك و بەدەستەکەی دیکەی ڕمێکی نووکتیژی پێبوو. زرێیەکەی دەبریسکایەوە. ئەتێنە خۆشەویسترین منداڵی زفیس بوو.
هەر کات ویستبای، دەیتوانی بروسکەکەی زفیس قەرز بکات (هیچ کەسێکی دیکە بۆی نەبوو داوای ئەو بروسکەیە لە زفیس بکات.)

ئەتێنە وەنەبێ بە تەنها سەرقاڵی شەڕ و شۆڕ بووبێت، بەڵکو گەلێ خولیای دیکەشی هەبوو. ئەو خاتووخواوەندی کشتوکاڵ و کاری دەستیش بوو. گەلێ شتی نوێشی دادەهێنا.
هەر خۆی تەون و تەشی دروست کرد و لە هەمان کاتدا خاتووخواوەندی هۆش و ئەقڵیش بوو. هەمیشە کوندەبەبوویەك هاوڕێی بوو. بەبوو باڵندەی نازداری ئەتینە بوو. (هەتا ئێستاش بەبوو نیشانەی زانست و زانیارییە).



ئەتێنە ئەرکێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش پاراستنی شاری ئاتێن بوو لە شەڕ و شۆڕ. لە ناوەڕاستی شاری ئاتێندا، گردێکی بەرز هەیە پێی دەڵێن «ئاکرۆپۆلیس». لەسەر ئەو گردە کەلاوەی چەند پەرستگەیەك ماونەتەوە گەورەترین پەرستگە ناوی «پارتێنۆن»ـە. دوو هەزار و چوار سەد ساڵ بەر لە ئێستا، خەڵکی تائین بۆ ڕێزگرتن لە ئەتێن، پەرستگەی پارتینۆن یان بنیاد نا.

ئەتێنە زۆربەی کاتەکان هاوڕێ و هاودەمی خاتووخواوەندێکی دیکە بوو. ئەو خاتووخواوەندەش «نایك» بوو. نایك، خاتووخواوەندی سەرکەوتن و بردنەوە بوو. گەر خەڵکی بچوونایە بۆ شەڕ، یان، بۆ وەرزش، لە نایك دەپاڕانەوە تا سەریان بخات و ببیەنەوە. ئەتێنە و نایك، پیکەوە دوو خواوەندی بەهێز و بێهاوتا بوون. کەس دەڕۆستیان نەدەهات.

خاتووخواوەندێکی دیکەی بەهێز هەبوو، ناوی «نێمسیس» بوو. نێمسیس، خاتووخواوەندی یەکسانی و تۆڵە بوو. هەرکەسێك خۆی هەڵبکێشایە و فشە و شانازی بەخۆیەوە بکردایە، سزای دەدا. نێمسیس، خاتووخواوەندێکی بەزەبر بوو. بەڵام بە یەکسانی لەگشت کەسانی دەڕوانی.

# خواوەندە جوانەکەی تاربەدەست

یەکێکی دیکە لە کوڕەکانی زێس، «ئەپۆلۆن» بوو. زێس، ئەم کوڕەی لە گشت کوڕەکانی دیکەی خۆشتردەویست. ئەپۆلۆن، زۆر جوان و قۆز بوو. نەك هەر خواوەندەکان، بەڵکو گشت مەردمەکەش ئەپۆلۆنیان خۆشدەویست. ئەپۆلۆن، خواوەندی گزنگ و پڕشنگ و ڕووناکی بوو. زستانان ئەپۆلۆن کۆچی دەکرد و ون دەبوو. بۆیە دنیا سارد و تاریك دەبوو. وەڵی لەگەڵ تەواوبوونی زستان، ئەپۆلۆن دەگەڕایەوە و بەهاریشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.
ئەپۆلۆن خواوەندی شیعر و مۆسیقاش بوو. بە تارەکەی ئاوازی دڵ ڕفێنی لێ دەدا. هەمیشە تاجە گوڵینەیەکیش بەسەریەوە بوو.



بێگومان خەڵکی نەیاندەزانی کە داهاتوویان چۆن دەبێ و چیان بەسەر دێت. تەنها مەزەندەیان دەکرد. بەڵام ئەگەر بیانویستبا بزانن چیان بەسەر دێت، ئەوا لە ئەپۆلۆنیان دەپرسی.
ئەو ئاینده و نادیاری دەبینی. لە شاری «دێلفی» پەرستگەیەکی گەورە، بۆ ئەپۆلۆن بنیاد نرابوو. لەو پەرستگەیەدا ژنە «موغێك» هەبوو. ئەو ژنە لە سووچی پەرستگەکە دادەنیشت و لە بەردەمیەوە لە درزیکی زەویەکەدا دووکەڵ هەڵدەستا. خەڵکی دەهاتنە زیارەتی و دەیانویست بزانن، پاشەڕۆژیان چ دەبێت. بۆیە پرسیاریان لە ژنەکە دەکرد و ئەویش وەڵامی دەدانەوە.
وەڵامەکان ئاڵۆز و سەختبوون. زۆر کەس تێیان نەدەگەیشت. بۆیە وەك مەتەڵ دەهاتە بەرگوێیان.
ئەم پەرستگەیە زۆر پیرۆز بوو. لەلای خەڵکی ببووە زیارەتگە و مەزار.

یۆنانەکان بە شوێنگەلی وا پیرۆزیان دەگوت «ئۆراکل». ئۆراکل مانای زۆرزانیش دەدات.
ئەپۆلۆن ڕەبەن بوو؛ وەلێ لەگەڵ زۆر ژندا پەیوەندی هەبوو؛ هەر بۆیەش گەلێ منداڵی هەبوو.
ئەپۆلۆن شەیدای شۆڕەلاوێکش بوو. کوڕەکە ناوی«هیاسینتۆس» بوو.
ڕۆژێکیان پێکەوە، خەپلە ئاسنینەیان دەهاویشت. خەپلە ئاسنینەیەك بەر کەللەی هیاسینتۆس کەوت و مێشکی پژا و مرد. ئەو شوینەی خوێنی هیاسینتۆسی ڕژایە سەر لەگەڵ فرمێسکی ئەپۆلۆندا تێکەڵ بوون و بووە گوڵجاڕ. ئەو گوڵانەی لەو جێگەیە ڕووان، ناویان نرا «هیاسینت» (یاسەمەن).



# خاتووخواوەندی ڕاووشکار

ئەپۆلۆن خوشکێکی هەبوو ناوی «ئارتێمیس» بوو. ئارتێمیس، لەگەڵ ئەپۆلۆندا دووانە بوون. ئارتێمیس خاتووخواوەندی ڕاووشکار بوو. سروشت و بێچووی ئاژەڵ و زیندەوەرانی دەپاراست. ئارتێمیس یارمەتی ئەو ژنانەشی دەدا کە منداڵیان دەبوو.

هاوڕێی کۆرپە ساواکانیش بوو. وەلێ هەندێ جاریش ئارتێمیس دڵڕەق و بەزەبر بوو. گەلێ جار تیری گرتۆتە مرۆڤ و کوشتوونی. چارەی کەسێکی نەدەویست بەربەرچی بداتەوە و ناتەبا بێت.



ئارتێمیس گەلێ جار کۆڕی بەزم و شادی لەگەڵ کچگەلدا دەبەست؛ بەو کچگەلەیان دەگوت پەری. پەرییان لەناو دارستان و لە کەژ و لە نزیک کانیاوەکان دەژیان. جارێکیان ڕاوچییەک

بە خۆی و توولە و تانجییەکانیەوە بە شوێن نێچیردا دەگەڕا. بە ڕێکەوت چاوی بە کۆمەڵە پەرییەك کەوت، لەگەڵ ئارتێمسدا لەکانییەکەدا مەلەیان دەکرد. ئارتێمیس یەکسەر کابرای کرد بەئاسکێك و هەر لە جێدا، توولە و تانجیەکان پەلاماری ئاسکەیان دا. توولە و تانجی، خاوەنەکەی خۆیان نەدەناسیەوە و پارچە پارچەیان کرد.

ئارتێمیس شووی نەدەکرد و بەدەگمەن پیاوی دەدیت. وەڵی جارێکیان عاشقی کوڕە شوانێکی زۆر قۆز بوو. کاتێك شوانە بە دیار ڕانەمەڕەکەیەوە سەرخەوی دەشکاند، ئارتمێس دەچووە نزیکی و تێر تێر تەماشای دەکرد. ئیدی هەر ئەوە!

پەریگەل بۆیان نەبوو پیاوان ببینن. جارێکیان ئارتێمیس زانی کەوا پەرییەك دووگیانە. زۆر تووڕەبوو. دەسبەجێ پەرییەکەی کرد بە دەڵەورچ!

ئارتێمس شەیدای تریفەی مانگ بوو. هەر شەوێك مانگەشەو بایە، ئارتێمیس لەگەڵ پۆلە پەریی هاوڕێیدا، لە بەر تریفەی زیوینی مانگەشەودا لە کانیاوەکاندا، دەیاندا لە شڵەپەی مەلە!
کەس نەیدەزانی بۆچی ئارتێمیس لە پیاوان بەگومانە!

# پەیامبەری خواوەندەکان

یەکێك لە کوڕەکانی زیێس ناوی «هێرمس» بوو. هێرمس لەگەڵ خواوەندەکانی دیکە لە ئۆلمپن دەژیا. کاتێك هێرمس مێرمندالْ بوو، شتی سەیروسەمەرەی دادەهێنا. جارێکیان دەزکایەکی مۆسیقای دروست کرد. قاوغە کیسەڵێکی هێنا و چەند ژێیەکی بە سەردا ڕاکێشا و یەکەم تاری لێ دروست کرد. هێرمیس تارەکەی پێشکەش بە ئەپۆلۆن کرد . ئەپۆڵۆنیش لە پاداشتدا، گۆچانێکی زێڕی دایە. ئیدی لە وکاتەوە، هێرمس هەردەم ئەو گۆچانە زێڕەی بەدەستەوە بوو.



هێرمس بوو بە پەیامبەری خواوەندەکان. خواوەندەکان هەر پەیامێکیان بناردایە بۆ خەڵکی، ئەوا هێرمسیان ڕادەسپارد. ئەویش خێرا پەیامەکەی دەگەیاند. هێرمیس بەسەر چیا و دەریادا دەفڕی و پەیامی خواوەندەکانی بە خێرایی ڕەشەبا دەگەیاند.

هێرمیس خواوەندێك بوو دەستڕەنگین. پارێزەر و یارمەتیدەری شوانەکان بوو. یارمەتیدەری بازرگان و کەشتیوانان بوو. لە زۆر شوێن ئامادە بوو. کاتێ مرۆڤێك دەمرد هێرمس ئەو کەسەی دەگەیاندە جهانی مردوان و تا سەر ڕۆخی رووباری ستێکسی دەبرد و دەیدایە دەست کارۆن.

هێرمس، گەرچی هەندێك جار دەخڵەتا، زۆرزان بوو. هەر بۆیە خواوەندی دزانیش بوو. یارمەتی وەرزشوانانیشی دەدا.

هێرمیس هەمیشە سەرقاڵ بوو. هەر خواوەندێك، جۆرە کارێکی پێ دەسپارد. ئەویش زۆربەی زۆری ڕاسپاردەکانی ئەنجام دەدا. جارێکیان هێرمیس پەرییەکی دیت و شەیدای بوو. لەگەڵ ئەو پەرییەدا، کوڕێکیان بوو. ناویان نا «پان».

# خواوەندی شوانەکان

کاتێ کە «پان» لە دایکبوو، دایکی زۆر تورە بوو. چونکە کۆرپەکەی منداڵێکی ئاسایی نەبوو. پان، دوو قۆچی بچووکی لە تەوێڵدا لێ ڕوا بوون. دوو گوێی درێژیشی هەبوون. پێیەکانی سمی بزن بوون.

دایکی پان، پانی لە پێستە بزن پێچا و بردی بۆ ئۆلۆمپین. خواوەندەکانی ئۆلۆمپین پانیان خۆشویست. لەبەر ئەوەی پان خوێن شیرین بوو هێشتیان لە ئۆلۆمپین بمێنێتەوە. بەڵام پان خۆی حەزی دەکرد لە دارستان و کەژ و کێودا بژی. حەزی لە سەما و شمشاڵ لێدان بوو. بۆیە بوو بە خواوەندی شوانەکان.

پان نەك هەر شوانەکان، بەڵکوو ئاژەڵەکانیشیانی دەپاراست. پان شمشاڵێکی زۆر تایبەتی دروست کرد. گشت شوانەکانی فێری شمشاڵێدان کردبوو. بەو شمشاڵەیان دەگوت «شمشاڵی پان».



پان هەمیشە دڵشاد و ئارام بوو. بەڵام گەر بێزاربوایە، تووڕە دەبوو، دیقیژاند. قیژەکەی دنیای کاس دەکرد. هەرچی ئاژەڵ ومرۆڤ هەیە، هەریەکە و بەرەو لایەك ڕای دەکرد. گەر پان بیقیژاندایە، دەبووە گێژەن.

# خواوەندی شەراب

زڤێس هەمیشە عاشق وشەیدای ژنی جوان بوو. جارێکیان چاوی بە شازادەیەك کەوت و عاشقی بوو. ئەو خانمە بێهاوتا جوان بوو. پێکەوە کوڕێکیان بوو. هەر دوای لەدایکبوونی منداڵەکە، شازادە مرد. منداڵەکە ناوی «دێنۆسیس» بوو.

پەرییان، منداڵەکەیان بەخێو دەکرد و شیر و هەنگوینیان دەدایە. دێۆنیسۆس هەر بە منداڵی وازی لە شیر خواردنەوە هانی و لە بری ئەوە، شەرابی دەخواردەوە. دێنۆسیس بوو بە خواوەندی شەراب و خەڵکی فێری خواردنەوە دەکرد و فێری دەکردن ڕەز بەخێوکەن، تا ترێکەی بکەن بە شەراب.



دینۆسیس زۆربەی جار بە ناو باخدا پیاسەی دەکرد. کۆمەڵە پیاوێکی کورتەباڵای لەتەکدا بوون، قۆچ و کلکیان هەبوو. هەندی پەری خنجیلانەشیان لەگەڵدا بوو. شەڕابیان دەخواردەوە و قاقا پێدەکەنین. خەڵکی، زۆرجار ئاهەنگیان دەگێڕا و شەرابیان دەخواردەوە، تا سوپاس و ستایشی دینۆسیس بکەن.

سەرتاپای یۆنان ڕەز و ترێ بوو. خەڵکی فێری شەراب دروستکردن بوون. دینۆسیس، لای خەڵك، خواوەندێکی خۆشەویست و پایە بەرز ما.

# خواوەندی ئاگر

زۆیس لەگەڵ خاتووخواوەند هێرا، کوڕێکیان هەبوو. کوڕەکەیان ناوی «هێفایستۆس» بوو. هەر کە هێفایستۆس لە دایك بوو. هێرا خۆشی نەویست، چونکە زۆر ناشرین بوو؛ بۆیە لە ئۆلیمپنەوە فڕێیدایە خوارەوە. منداڵە کەوتە دەریاوە و خواوەندەکانی دەریا، لە خنکاندن ڕزگاریان کرد.

هێفایستۆس گەورە بوو؛ ئاسنگەرێکی ڕەسای لێ دەرچوو، بوو بە خواوەندی ئاسنگەران.



هێفایستۆس بیری لە تۆڵەسەندن دەکردەوە؛ تۆڵە لە دایکی خۆی. کورسییەکی جوانی بۆ دایکی دروست کرد. هەر هێندەی هێرا لە سەر کورسیەکە دانیشت؛ ئیدی بە کورسیەکەوە چەسپی و نەیتوانی بەرز بێتەوە. تەنها هێفایستۆس دەیتوانی ئازادی بکات.

بەڵام هێفایستۆس نەیدەویست هێرا ئازادبێت. خواوەندەکانی دیکە، کەبەم ڕوداوەیان زانی؛ دینۆسیس، خواوەندی شەرابیان، نارد بۆلای هێفایستۆس. دینۆسیس شەرابی پێشکەش بە هێفایستۆس کرد. هێفایستۆس هێندەی پێکەشەراب هەڵدا، هەتا تەواو سەرخۆش و مەست بوو. ئەوجا، دینۆسیس لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ چیای ئۆلیمپ، لەوێندەر، هێشتا هێرا هەر لەسەر کورسیەکە بەندبوو. ئیدی هێفایستۆس بە خەیاڵی مەستی هێرای ئازاد کرد.

هێفایستۆس، هاوسەری ئافرۆدیتە بوو. هێفایستۆس گەلێ دزێو و قەمبوور بوو؛ لەبەر هەندێ ژیانی هاوسەریەتییان هەمیشە پڕ گیروگرفت بوو.
هێفایستۆس زۆربەی کات هەر لە ئاسنگەرخانەکەی خۆی، خەریکی کەلوپەل دروست کردن بوو. زۆر دەسترەنگین بوو؛ گەلێ پێداویستیی نێوماڵی داهێنا و دروست کرد.

هەرکاتێك زۆیس پێویستی بە بروسکە بایە هانای بۆ هێفایستۆس دەبرد. هێفایستۆس نووکی بروسکەکانی بۆ تیژ دەکرد و هەر خۆشی چەنگاڵە سێ نووکیەکەی پۆسیدۆنی دروست کردبوو. لە نێو کوورەی ئاسنگەرخانەکەیدا، هەمیشە ئاگر نێڵەی دەهات.

هێفایستۆس، هەم ئاگری ڕام کردبوو، هەم پاسەوانیشی لێ دەکرد. هەرخۆشی خواوەندی ئاگر بوو. مرۆڤیش پێویستی بە ئاگر هەبوو. بەڵام خواوەندەکان نەیاندەویست ئاگر بدەنە دەست مرۆڤ. جا بۆیە دەبوایە شتێك ڕوو بدات.

# ئەوکاتەی مرۆڤ ئاگری وەرگرت

مرۆڤ دەبوایە قوربانی بۆ خواوەندەکان بدەن. ئاخر خواوەندەکان وایان بڕیاردابوو. مرۆڤ ئاژەڵیان سەردەبڕی و گۆشتەکەیان بۆ خواوەندەکان دادەنا. خواندەکان گۆشتی نەرمەیان گل دەدایەوە و ئێسك و پروسکیان بۆ مرۆڤ دەهێشتەوە. مرۆڤیش پێویستی بە گۆشتخواردن هەیە. جگە لەوەش ئەو ئاژەڵانە، ئاژەڵی مرۆڤ بوون نەك هی خواوەندەکان.

ئیدی دەبووە کێشەو هەرا لە نێوان خواوەندەکان و مرۆڤدا. لەم کێشەیەدا «پرۆمێنێڤس»، کە نیوە خواوەند بوو، حەزی دەکرد لایەنگری مرۆڤ بێت و یارمەتییان بدات. ئەو مرۆڤی فێر کرد
چۆن بتوانن فێڵ لە خواوەندەکان بکەن و بەتەنها ئێسك وکرکڕاگەیان بدەنێ و گۆشتی نەرمە بۆ خۆیان بێت.

خواوەندەکان زۆر تووڕەبوون. پرۆمێتێڤس هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکوو ئاگریشی بۆ مرۆڤ هێنا (لە کوڕەکەی هیڤایستۆس دزیبووی). ئیدی مرۆڤ دەیتوانی خۆی گەرم بکاتەوە و گۆشتیش ببرژێنێت.

خواوەندەکان بەجارێ تووڕە و هەراسان بوون، حەژمەتیان لێ برا. ئەوان حەزیان نەدەکرد کە مرۆڤ کاری خۆی ڕایی بکات و بێفەرمانی خواوەند بکات. بۆیە زڤێس سزایەکی زۆر زۆر سەختی پرۆمێتێڤسی دا.

پرۆمێتێڤسیان بە قەدپاڵی چیایەکەوە هەڵواسی. هەمووڕۆژێك بازێکی گەورە دەهات و بە دەنووك، لاقەبرغەی هەڵدەدڕی و جەرگی دەردەهێنا و دەیخوارد. کە بازەکە تێر دەبوو و دەفڕی، جەرگی پرۆمیتێڤس، دیسان دروست دەبۆوە؛ برینەکەی ساڕێژ دەبۆوە.

بۆ سبەینی بازەکە دەهاتەوە و جەرگی پرۆمێتیڤسی دەخوارد. ئازار و ژانی پرۆمێتێڤس بێ ئەندازە سەخت بوو. ئەم مەرگەساتە ساڵانی ساڵ دووبارە دەبۆوە. تا ڕۆژێکیان «هێراکلیس»

بەوێدا تێپەڕ بوو؛ (هێراکلیس کوڕی زڤێس بوو) بە تیرێك بازەکەی پێکاو و پرۆمێتیڤسی ئازاد کرد؛ بەڵام ناکۆکی مرۆڤەکان وخواوەندەکان هەر نەبڕایەوە.



# قوتوەکەی پاندۆراس

کاری ئاگر و پرۆمێتێڤس ڕاست بێت، مرۆڤ کاریان باش دەچووە پێش و هێندە وەك جاران، لە خواوەندەکان نەدەپاڕانەوە؛ جا بۆیە زێڤس بڕیاری دا تۆڵە لە مرۆڤ بکاتەوە و سزایان بدات. زێڤس داوای لە هێڤایستۆسی ئاسنگەرباشی و دەسترەنگین کرد یارمەتی بدات. هێڤایستۆس ژنێکی لەقوڕ و ئاو دروستکرد و ناوینا «پاندۆراس». پاندۆراس، تابڵێیت جوان و زانا بوو. زێڤس پاندۆراسی نارد بۆ ناو مرۆڤ. پاندۆراس قوتویەکی پێ بوو؛ ئەو مافی ئەوەی نەبوو قوتووەکە بکاتەوە. کاتێ پاندۆرس هاتە ناو مرۆڤ، چاوی بە پیاوێك کەوت؛ کابرا میوانداری پاندۆراسی کردوو بردیەوە بۆ ماڵی خۆی.

کابرا شەیدای پاندۆراس بوو؛ داوای لێ کرد شویی پێ بکات. جا پاندرۆس قوتوەکەی کردەوە. قوتوەکە پڕبوو لە بەدبەختی، نەخۆشی و ئازار؛ ئەمانە هەرهەموو دەرپەڕینە دەرەوە و بە ناو مرۆڤدا بڵاوبوونەوە. تەنها شتێك کە لە بنی قووتوەکەدا مایەوە هیوا بوو.

ئیدی لەو کاتەوە، نەخۆشی، بەدبەختی، جەنگ و ناتەبایی لەجیهاندا بڵاو بۆتەوە و ئازاری مرۆڤ دەدەن. ژبەرهەندێیە، تا دوا ساتەکانی ژیان، مرۆڤ دەستبەرداری هیوا نابێت !

# هێراكلیس، قارەمانە بەهێزەكە

## شیرەڕێ، کەشکەڵان

لە نێو منداڵی خواوەندەكاندا، گەلێ قارەمان و پاڵەوان هەبوون. لە هەموان ئازاتر و بە توانتر هێراكلیس بوو. هێراكلیس كوڕی زۆیس بوو. زۆیس گەلێ ژن و دۆستی دیكەی هەبوو، هێراكلیس كوڕی یەكێ لەو ژنانە بوو. هەر بۆیە هێرا، هاوسەری زۆیس، هەمیشە ڕقی لە هێراكڵیس بوو.

هەر كە هێراكلیس لەدایك بوو، دایكی مرد؛ جا بۆیە زۆیس داوای لە هێرمێس كرد، كە هێراكلیس بەخێو بكات. هێرمێس، هێراكلیسی كۆرپەی هێنا بۆ ئۆلیمپ؛ هێراكلیس هێشتا ڤرچكی نەگرتبوو. هێرمێس دیتی وا هێرا نووستووە، بۆیە هێراكلیسی خستە بەرمەمكانی هێرا. لەبەر ئەوەی هێراكلیسی زۆری برسی بوو، زۆر بەپەلە كەوتە مژینی مەمكی هێرا. هێراكلیس بە ساواییش بەهێز بوو؛ جا بە هەموو تینی خۆیەوە شیری لە مەمكی هێرا دەمژی. دەمێك هێرا بە ئاگاهاتەوە و دیتی وا هێراكلیس شیری ئەو دەمژێ؛ زۆر تووڕەبوو، هێراكلیسی توڕ هەڵدا. هێرا، هێراكلیسی هێندە بەڕقەوە تورهەڵدا؛ هێراكلیس هەرچی شیری مژی بوو هەڵیهێنایەوە و بە ئاسماندا پژا؛ ئیدی ئەو دڵۆپە شیرانە بوونە ئەستێرەی كەشكەڵان.



# هێراکلیس شێت دەبێت

هێراکلیس لەگەڵ کچەشازادەیەکدا بوو بە هاوسەر، پێکەوە بەخۆشی دەژیان و دوو کوڕیان هەبوو. خاتووخواوەند هێرا، وازی لە ڕک و کینەی دژ بە هێراکلیس، هەر نەهێنابوو؛ ویستی ژیان لە هێراکلیس تاڵ بکات؛ بۆیە شێتێتی بۆ نارد و هێراکلیسی شێت کرد.

هێراکلیس ئاوەزی خۆی لەدەستدا و هەردوو جگەرگۆشەکەی خۆی کوشت؛ هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو، یەکسەر خەو بردیەوە و لێی نووست. کاتێك وەئاگاهاتەوە، ئەوجا پێحەسیا چی کردووە، حەژمەتی لێبڕا. ژنەکەشی بەجێی هێشت و سەری خۆی هەڵگرت.

هێراکلیس داوای لە جادووگەرانی پەرستگەی دێڵف کرد، ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. جادووگەرەکان چارەسەریان بۆ دۆزییەوە. دەبوایە هێرکلیس، ببێتە غوڵام و خزمەتکاری پادشایەك. پادشایەکی بەد و چاوچنۆك. هێراکلیس ئەو مەرجەی زۆر لەلا سەخت بوو. بەڵام چاری نەبوو؛ دەیویست بەهەر شێوەیەك بێت کوڕەکانی زیندووببنەوە و ژنەکەشی بگەڕێتەوە بۆ لای. بە نابەدڵی چوو بۆ کۆشکی پاشا چاوچنۆکەکە و دەستبەکار بوو. دیار بوو پاشا، لە هێراکلیس دەترسا؛ بۆ یە هەرچی ئەرکی سەخت و مەترسیدار هەبوو، خستیە سەرشانی هێراکلیس.
ئا بەو جۆرە پادشا هیوای وابوو کە هێراکلیس لە ژێر باری ئەو ئەرکانەدا دەرنەچێت و بمرێت. هێراکلیس، دەبووایە دوازدە ئەرکی سەخت و مەرگهێن جێبەجێی بکات. ئەو ئەرکانە مەحاڵ و کاری کردە نەبوون. وەلێ، هێراکلیس کۆمەکی لە خاتووخواوەند تاتێن خواست.

# دەعبای نۆسەر



پادشا بەد و چاوچنۆکەکە، یەکەم ئەرکی بە هێراکلیس سپارد؛ دەبوو هێراکلیس بچێت دەعبایەك بکوژێت. بەو دەعبایەیان دەگوت «هیدرا». هیدرا لە نێو زۆنگاو و زەلکاوێکدا دەژیا. ئەو دەعبا ترسناکە ملی بە هەر چوارلادا وەردەچەرخان و ژەهریشی دەپرژان. ئەو ژەهرەی هێند کاریگەر بوو، هەر لە دوورڕا، مرۆڤی دەکوشت. کاتێ هێراکلیس هێدرای پەیداکرد، هێدرا بە یەکێ لە سەرەکانی پەلاماری دا. هێراکلیس زۆر دەستوبرد، ملی پەڕاند. هێدار هەر پەلاماری دەدا و هێراکلیسیش هەر ملی دەپەراند؛ بەڵام بێهودە بوو. هێراکلیس هە ر کەللەیەکی دەپەڕاند، دوو کەللەی نوێ لەلاشەی هیدرا دەڕوا. هێراکلیس هەر خەریك بوو کەللەی هیدرای دەپەڕاند و بێسود بوو؛ کەللەکانی هەر زۆر دەبوون. هێراکلیس بیرێکی بەخەیاڵ داهات.

ئاگرێکی گەورەی کردەوە و هەر کەلەیەکی دەپەڕاند، فرێی دەدایە نێو کڵپەی ئاگرەکە و کەللە دەسووتا.
ئیدی هیچ کەللەیەکی نوێ لە هیدرا نەڕوایەوە. لە کۆتاییدا هێراکلیس دوایەمین کەللەی هیدرای پەڕاند و تۆپاندی.

هێراکلیس نوکی تیرەکانی لە خوێنی هیدرا هەڵکێشاو ژەهراوی کردن. ئابەو جۆرە تیرەکانی کاریگەرتر بوون. ئیدی ئێستا هێراکلیس یەکەم ئەرکی بەجێ گەیاند.

# تەویلە پیسەکە

پادشا بەد و چاوچنۆکەکە، هێشتا گەلێ ئەرکی دیکەی بۆ هێراکلیس دانابوو. ئەرکەکانی یەك لە دوای یەك سەختتر دەبوون. ڕۆژێکیان پادشا، ئەرکێکی زۆر دزێوی بە هێراکلیس سپارد. هێراکلیس دەبوایە تەویلەکەی «ئاوگیەس» خاوێن بکاتەوە.
ئاوگیەس گەلێ ئەسپ و مانگای لەو تەویلەیەدا هەبوو. تەویلەکە زۆر گەورەبوو، هەرگیزیش خاوین نەکرابۆوە. تەرسی ئەسپ و شیاکەی مانگا، وەك تەپۆڵکەیەك، لەو تەویلەیەدا کەڵەکە ببوون. بۆگەنی ناو تەویلەکە، مرۆڤی وڕ و گێژ دەکرد.

ئەرکی هێراکلیس ئەوە بوو، لە ماوەی یەك ڕۆژدا، ئەو تەویلەیە پاك بکاتەوە. بەڕاستی ئەوە کاری کردە نەبوو، زۆر زەحمەت بوو. تەویلەکە لە نزیك ڕووبارێکەوە بوو. هێراکلیس جۆگەیەکی لە ڕووبارەکە وە ڕاکێشا بۆ ناو تەویلەکە. ئاوێکی فرە بەناو تەویلەکەدا تێدەپەڕی و هەرچی پیسی و تەرس و شیاکەی ناوتەویلەکە هەبوو، گشتی ڕامالی و تەویلەکە خاوێنبۆوە؛ جا، هێراکلیس جۆگەکەی پڕکردەوە و ئاوی ڕوبارەکە گەڕایەوە ڕێژگەکەی خۆی.

ئەو جارەش هێراکلیس ئەرکە سەختەکەی سەر شانی جێبەجێ کرد. تەنانەت ئێستاش خەڵکی بە شوێنێکی زۆر پیس وچەپەڵ دەڵێن «تەویلەکەی ئاوگیەس».

# سەگە دڕەکەی جیهانی مەرگ

ئەرکەکانی هێراکلیس تادەهات سەختتر دەبوون. وەلێ ئەو ئازایانە گشتی ئەنجام دەدا. دواهەمین ئەرکێ کە پادشا بەد و چاوچنۆکە پێی سپارد، ئەوە بوو، دەبوایە بچێتە خوارەوە بۆ جیهانی مەرگ و لەوێڕا کاربارۆس، سەگە دڕەکەی جیهانی مەرگ، پەت بکات و لەگەڵ خۆیدا بۆ پادشای بهێنێ. کاربارۆس، پاسی دەروازەی جیهانی مەرگی دەکرد. کاربارۆس دڕندەترین سەگ بوو؛ سێ کەللەی هەبوو، کلکیشی هەژدیها بوو. ئیدی هێراکلیس چۆن دەتوانێ پەتی بکات؟

خواوەندەکان کۆمەکی هێراکلیسیان کرد.

هێرمێس، لەتەك هێراکلیسدا ڕۆیشت و ڕێگای جیهانی مەرگی نیشان دا. لەوێڕا، لەژێرەوە هادێس، خواوەندی مەرگ، چاوەڕوانی هێراکلیس بوو. هادێس بە هێراکلیسی گوت
- دەتوانی کاربارۆس لەگەڵ خۆتدا ببەیت، وەلێ نابێ بۆ گرتن و پەت کردنی، هیچ جۆرە چەکێك بەکار بهێنیت.



هێراكلیس زۆر بەهێز بوو؛ بە چنگە بەهێزەكانی هەرسێك قورقوراگەی كاربارۆسی گرت و جوولەی لێ بڕی. بەڵام كلكی كاربارۆس هەژدیها بوو؛ بەكلكی هەڵمەتی بۆ هێراكلیس برد و گەستی. ئەو گەستنە بێئەندازە ئازاری هێراكلیسی دا؛ بەڵام ددانی بەخۆدا گرت. هێراكلیس لەعەزرەت ئازاری ئەو گەستنە، بە هەرچی هێزی هەبوو چنگی لە قورتمی كاربارۆس زیاتر توندكرد تاكوو كاربارۆس كەوتە نووزە و سەری بۆ هێراكلیس شۆڕكرد.
ئیدی هێراكلیس كاربارۆسی پەت كرد و لەگەڵ خۆیدا بۆ جیهانی سەرەوەی هێنا. پادشا بەد و چاوچنۆكەكە، كاتێ چاوی بەكاربارۆس كەوت؛ لە ناشرینی و دڕندەیی ئەو سەگە، زارەترەك بوو؛ نەی دەوێرا لێی نزیك بێتەوە؛ جابۆیە داوای لە هێراكلیس كرد، كە سەگە كە بگەڕێنێتەوە بۆ جێكای خۆی؛ بۆ جیهانی مەرگ.

ئەوە دواهەمین ئەركی هێراكلیس بوو. ئیدی ئێستا هەر دوازدە ئەركەكەی بەجێ گەیاند و ئازادبوو. ئیدی هێراكلیس وەك قارەمان و جەنگاوەرێك دەژیا. دژی گەلێ دوژمن جەنگا و زۆرانی لەگەڵ زۆر دەعبادا گرت؛ هەتا مردن هەر بە قارەمانی مایەوە. كاتێ هێراكلیس مرد، خواوەندەكان بردیان بۆ ئۆلیمپ؛ تا لەوێ لەلای ئەوان بێت.

لەوێندەر، هێراكلیس لەگەڵ «هێبا»، خاتوو خواندی گەنجێتیدا، بوو بە هاوسەر.

# ئۆرفێڤس و ئێڤریدکە

کوڕە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ هەبوو، ناوی «ئۆرفێڤس» بوو. دایکی ئەم کوڕە، خاتووخواوەند بوو. ئۆرفێڤس، گۆرانی دەگوت و تاری لێ دەدا؛ ئەو تارەی لە خواوەندی مۆسیقا ئاپۆلۆن وەرگرتبوو.
دەنگی ئۆرفێڤس هێندە بەسۆز بوو، هەر کات گۆرانی بچڕیایە، هەرچی هەبوو گوێی ڕادەدێرا. ڕووبارەکان چیدی خوڕەیان نەدەهات؛ ئاو گویی شل دەکرد؛ هەرچی دڕندە و ئاژەڵ و باڵندە هەبوو، لە دەوری ئۆرفێڤس خڕ دەبوونەوە،؛ تەنانەت کەژ و کێوەکانیش نزیك دەکەوتنەوە و گوییان ڕادەدێرا.

ئۆرفێڤس شەیدای شۆخێك بوو ناوی «ئێڤریدکە» بوو. پێکەوە بوونە هاوسەر و زۆر بەختەوەر بوون. وەلێ شادی و بەختەوەریەکەیان درێژخایەن نەبوو. ئێڤریدکە مار پێوەی دا و مرد؛ بەرەو جیهانی مەرگ و دنیای ژێرەوە چوو.
ئۆرفێڤس بەجارێ ئۆقرەی لێ بڕا و نەیدەزانی چی بکات. بڕیاری دا بەرەو جیهانی مەرگ و دنیای ژێرەوە بچێت. هەر کە گەیشتە جیهانی مەرگ، دەستی کرد بە مۆسیقا لێدان و ستران گوتن. هادێس، خواوەوەندی مەرگ، لە جوانی ئەو دەنگ و ئاوازە سەرسامبوو. تەنانەت کاربارۆس، ئەو سەگە هار و دڕ و ناشرینەش، گوێی بۆ ئەو دەنگە قوت کردبوو. هەرچی تارمایی بێڕەنگی مردووەکان هەیە گوێیان شل کردبوو. هەرچی لە دۆزەخدا نیشتەجێ بوو، گوێی بۆ ئەو دەنگ و ئاواز و مۆسیقایە ڕادێرابوو.
هادێس، خواوەندی مەرگ، لە ئۆرفیڤسی پرسی چی ئارەزوو دەکات، دوا بکات، تا لە پاداشتدا بیداتێ. ئۆرفیڤس گوتی کە دەخوازێت هاوسەرە خۆشەویستەکەی، ئێڤریدیکە لەگەڵ خۆیدا بۆ جیهانی زیندوان بەرێتەوە. خواوەندی مەرگ رازی بوو بەمەرجێك. مەرجەکە چی بوو؟
مەرجەکە ئەوە بوو کە ئۆرفیڤس لە پێشەوە بڕوات و ئێڤریدیکە لە دواوەی تا دەگەنە سەر زەوی و جیهانی زیندوان؛ نابیت ئۆڕفیڤس ئاوڕ لە ئێڤریدکەی خۆشەویستی بداتەوە و روخساری ببینێت!

ئۆرفیڤس بەو مەرجە قایل بوو. ماوەیەکی زۆر بەناو جیهانی تاریك وترسناکی مەرگدا ڕۆیشتن. ئۆرفێڤس لە پێشەوە و ئێڤریدکە لە دواوە. وەلێ تا لە جیهانی زیندوان نزیك دەبوونەوە،

ئۆرفیڤس زیاتر دڵە ڕاوكێی دەكرد و ئۆقرەی لێدەبڕا؛ دەیویست بزانێت ئەوكەسەی لە پشتیەوە دەڕوات ئێڤریدیكەیە. هێندەی نەمابوو لە سەر زەوی نزیك ببنەوە، ئۆرفیڤەس ئاوڕێكی دایەوە و چاوی بە دولبەرەكەی خۆی كەوت. بەڵێ ئەوە ئێڤریدكە بوو لە دواوەی دەڕۆیشت. ئیڤریدكەش چاوی بڕیە ئۆرفیڤس.



نەدەبوو ئەوە ڕووبدات؛ بەڵام تازە كار لە كار ترازا و پەیمانەكەیان شكاند. ئیدی ئێڤریدكە دەبوایە بۆ جیهانی مەرگ بگەڕێتەوە. ئۆرفێڤس بە شوێن ئێڤریدكەدا چوو، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت؛ چونكە زەویەكە لە دوای هەنگاوەكانی ئێڤریدكە دەهاتەوە یەك و بە ڕووی ئۆرفیڤسدا دادەخرا. ئیدی ئۆرفیڤس بەتەنها مایەوە نەیتوانی چیدی دولبەر و هاوسەرە

نازدارەکەی ببینێت. هێندەی دنیایەك بیری ئێڤریدیکەی دەکرد بەڵام بێ ئەنجام بوو. باقی هەموو ژیانی ئۆرفیڤس بوو بە تازێیەباری لە بۆ دووری ئێڤریدیکە، تا ڕۆژێکیان چەند دڕندە و دەعبایەك پەلاماری ئۆرڤێڤسیان داو کوشتیان. ئیدی ئۆرڤیڤس بەرەو جیهانی مەرگ چوو، لەوێڕا بە ئیڤریدکە گەیشتەوە.

# تێسێڤس و ئاریادنە

لە شاری ئاتێندا زۆرجار پێشبڕکێی وەرزش دەکرا. کوڕانی گەنج و ئازا، لە گشت لای یۆنانەوە دەهاتن و لەو پێشبڕکێیانەدا بەشدار دەبوون. جارێکیان مێرخاسێك لە دورگەی کرێتاوە بۆ بەشداری لە پێشبڕکێی وەرزشدا هاتبووە ئانێن. ئەم کوڕەلاوە لە کاتی وەرزش و پێشبڕکێدا مرد. ئەو مێرخاسە، کوڕی «مینۆس» پادشای کرێتا بوو. کاتێ مینۆس هەواڵی مەرگی کوڕەکەی خۆی بیست، ئیدی زۆری ڕق لە ئاتێن هەڵسا. پادشا تازەیەبار و غەمبار بوو. مینۆس لە کرێتا کۆشك وقەڵایەکی مەزنی هەبوو. لە کۆشکەکەیدا گەلێ ڕاڕەوی درێژ هەبوون. کەس نەیدەزانی ئەو ڕاڕەوانە بەرەو کوێ دەچن. کەس دەرگای کۆشکەکەی پێ نەدەزانی.

ڕاڕەوەکانی کۆشکەکە لوولپێچ و هەزارلۆغانەبوون. لە چەقی ئەو لوولپێچەدا دێوێکی ترسناك دەژیا. ئەو دەعبایە ناوی «مینۆتورۆس». بوو. هەر کەسیك بهاتایە ناو کۆشکەکەوە، مینۆتورۆس دەیکوشت. شا مینۆس دەیویست تۆڵەی کوڕەکوژراوەکەی، لە خەڵکی ئاتێن بستێنێت؛ بۆیە بانگهێشتنی گەنجانی ئاتێنی کرد؛ تا بۆ وەرزش بێن بۆ کرێتا. مینۆس داوای کرد کە لە ئاتێنەوە حەوت کوڕ و حەوت کچ بنێرن بۆ کرێتا. ئەو لاوانە ناچار دەکران کە ڕووبەڕووی مینۆتورۆس ببنەوە. شا مینۆس، بەزەبر و بەدەسەلات بوو. بۆیە خەڵکی ئاتێن ناچاربوون پەیرەوی فەرمانی بکەن. هەر حەوت کچە و هەر حەوت کوڕە نێردرانە ناو لوولپێچ و هەزارلۆ غانەی کۆشکەکەوە. کەسیان دەربازنەبوون؛ مینۆتورۆس هەر هەموویانی کوشت.

چەند ساڵێك تێپەڕی؛ جارێکی دیکە، شا مینۆس هەواڵی بۆ خەڵکی ئاتێن نارد، کە چەند لاوی دیکە بنێرن بۆ کرێتا. خەڵکی ئاتێن دەیانزانی چارەنووسی لاوەکانیان هەر مەرگە؛ هیچ کەسێ لە چنگ مینۆتورۆس ڕزگاری نەدەبوو. لاوێکی بەهێز و بەتوانا، لە ئاتێندا هەبوو، ناوی «تێسێڤس» بوو. باوکی تێسێڤس پادشای ئاتێن بوو. تێسێڤس داوای لە باوکی کرد ڕێگەی بدات تابچێت بۆ کرێتا. زۆر بە پەرۆش بوو، دەیویست بۆ مینۆتورۆس بچێتە مەیدانەوە. تێسێڤس لە کاتێکدا سواری کەشتی دەبوو بەرەو کرێتا، بە بابی گوت:

- کاتێك ئەم کەشتیە لە کرێتاوە دێتەوە، تۆ تەماشابکە و بزانە چارۆگەکەی چ ڕەنگە. ئەگەر چارۆگەکەی ڕەش بوو، ئەوە بزانە کە من کوژراوم؛ بەڵام ئەگەر بە زیندووی بگەڕێمەوە ئەوا چارۆگەی سپی هەڵدەدەم. ئیدی تێسێڤس و چەند لاوی خورت، بەرەو کرێتا کەوتنە ڕێ. مینۆس پاشای کرێتا،کچێکی زۆر جوانی هەبوو، ناوی «ئاریادنە» بوو. ئاریادنە، هەر کە تێسێڤسی دیت شەیدای بوو، دەیویست یارمەتی بدات. ئاریادنە، شمشێرکی جادویی و گلۆڵەیەك داوی دا

بە تێسێڤس. کاتێك تێسێڤس ویستی بۆ مینۆتورۆس بچێتە مەیدانەوە، لەسەرەتای لوولپێچ و هەزار لۆغانەکەدا سەری گلۆڵەداوەکەی لە دەرکی لوولپچەکەوە گرێدا و شمشێر بەدەستەوە، کەوتە ڕێ. تا دەهات لوولپێچەکە تاریکتر و ترسناکتر دەبوو. ئێسك و پروسکی ئەو کەسانەی مینۆتورۆس کوشتبوونی، لەو نێوەدا کەوتبوون.

لەپرێکدا مینۆتورۆس هەڵمەتی بۆ تێسێڤس هێنا؛ بەڵام تێسێڤس لێی هاتە دەست و بە شمشێرە جادوگەرییەکەی کەللەی پەڕاند. تێسێڤس بەدوای سەرەداوەکەی دەستی خۆی کەوت و لەو تاریکی لوولپێچ و ڕاڕەوە ترسناکە هاتەدەرێ. لاوەکان هەمویان دڵخۆشبوون؛ چونکە ئیدی ڕزگاریان بوو؛ دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ شاری خۆیان.



ئاریادنە لەگەڵ تێسۆیس چووە ناو کەشتیەکە و لەگەڵیانادا ڕۆی. لە ڕێگەی گەڕانەوەدا لە دۆرگەیەك لایاندا، تا کەمێ بحەسێنەوە. ئاریادنە لە کەنار دەریا خەوی لێ کەوت و تێسێڤس و ئەوانی دیکە سواری کەشتیەکە بوون و کەوتنە سەوڵ لێدان و ئاریادنەیان لەو دورگەیە بەجێهێشت.

تێسێڤیس ئاریادنەی بەلاوە گرنگ نەبوو چونکە زۆرتر دڵی بەلای خوشکە گچکەکەی ئاریادنەوە بوو. گەمیەکەی تێسێڤس لە ڕۆخەکانی ئاتێن نزیکبۆوە. باوکی تێسێڤێس لەو کەنارانە چاوەڕوانی دەکرد. تێسێڤێس لەبیری کردبوو کە چارۆگە سپیەکە هەڵ بدا. کاتێ بابی تێسێڤێس چارۆگە ڕەشەکەی دیت، کەوتە گومانەوە، وایدەزانی کە کوڕەکەی کوژراوە؛ لە حەژمەتان خۆی لەو تاوێرانەوە هەڵدایە خوارەوە و لە ئاوی دەریادا خنکا. بۆ ئاریادنەش باش شکایەوە.



زڤێس بەزەیی پێداهاتەوە و هێنایە ئۆلێمپ، تا لەوێندەر لەگەڵ خوداوەندەکاندا بژی.
تێسێڤس بوو بە پاشا لە جێگای بابی خۆی و گەلێ ژنی کردە هاوسەری خۆی. یەکێ لەوانە خوشکە گچکەکە ی ئاریادنە بوو. تێسێڤس کابرایەکی جەربەزە و گەڕیدە بوو؛ حەزی لە گەشت و گەڕان بوو؛ بەدەگمەن دەکەوتە ماڵەوە؛ گەلێ جەنگی کرد و زۆرانی گرت و بووە یەکێک لە قارەمانەکانی شاری ئاتێن.

# کاتێ کە ئیکارۆس فڕی



لە کرێتا و لە سایەی شا مینۆسدا کابرایەك دەژیا، ناوی «دایدارۆس» بوو. دایدارۆس گەلێ زانا بوو، هەر خۆشی، کۆشکە لولپێچ و ئاڵۆزەکەی بۆ شا مینۆس بنیاد نابوو.

دایدارۆس کوڕێکی هەبوو، کوڕە ناوی «ئیکارۆس» بوو. دایدارۆس خەڵکی ئاتێن بوو، گەلێ غەریبی شاری خۆی دەکرد؛ وەلێ شامینۆس ڕێگەی پێ نەدەدا بڕواتەوە بۆ ئاتێن. لە ڕاستیدا

ئەو زیندانی بوو. دایداڕۆس بڕیاری دا کە کۆشك و تەلاری مینۆس بەجێ بهێڵێت. زۆری بیرکردەوە؛ لە ئەنجامدا ڕێگەچارەی دۆزیەوە. هات، گەلێ پەڕ و شاپەڕی باڵندەی کۆکردەوە. ئەو پەڕ و شاپەڕانەی بە مێو و کەتیرە پێکەوە نووساند و جووتێ باڵی گەورەی لێ دروستکردن. بەو دوو باڵەوە دایداڕۆس دەیتوانی وەك باڵندە بفڕێت. ئیکارۆسی کوڕی دایداڕۆسیش دەیویست لەگەڵ بابیدا بفڕێت. دایداڕۆس نیشانی دا و فێری کرد، کە چۆن دەتوانێت بفڕێت. بەڵام شتێکی زۆر گرنگ هەبوو دەبوایە ئیکارۆس ڕەچاوی بکات، بابی گوتی

- نابێ زۆر بەرز بفریت. ئیکارۆس لە بابی پرسی
- بۆ نابێت ؟ بابی گوتی
- چونکە لە خۆر نزیك دەبیتەوە و گەرم دادێیت و مێو و کەتیرەی باڵەکانت دەتوێنەوە.

ئیکارۆس گوتی

- ئێستا تێگەیشتم و لەبیرم ناچێت.

ئیدی لە کاتی دیاریکراودا لە کۆشکەکەی مینۆسەوە هەڵفڕین. کاتێك بە ئاسمانەوە بوون چەند کەسێك تەماشایان دەکردن و بە فڕینی ئەو دوو کەسە سەرسام بوون. وایاندەزانی ئەوانە خواوەندن و دەفڕن. ئیکارۆس لە خۆشیدا شاگەشکە ببوو. لە خۆشی فڕین گوتەکانی بابی لەبیر چۆوە. ئیکارۆس هەر بەرزەفڕ دەفڕی وهەر بەرز دەبۆوە.

زۆر لە خۆر نزیك ببۆوە. مێو و کەتیرەی باڵەکانی توانەوە و پەڕەکانی هەڵوەرین. دایداڕۆس گوێی لە قیژەی کوڕەکەی بوو کە لە بەرزایی ئاسمانەوە بۆ ناو دەریا بەربۆوە و مرد. دایداڕۆس زۆر پەرێشان بوو بۆ کوڕەکەی و زۆر بەشوێنیدا گەڕا. لە دوڕگەیەك نیشتەوە. شەپۆلەکان لاشەی ئیکارۆسیان بۆ کەناری ئەو دوڕگەیە هێنا. دایداڕۆس لاشەی کوڕە مردووەکەی لەو دوڕگەیە ناشت. ئیدی ئەو دوڕگەیە ناوی لێنرا ئیکاریا و دەریای دەوری دوڕگەکەش ناوی بوو بە دەریای ئیکاری.

# جەنگی یۆنانەکان دژبە ترۆیا

## سێوەکەی شازادە پاریس

جارێکیان، گشت خواوەندەکانی ئۆلێمپن بۆ شاییەك بانگ کرابوون. تەنها خاتووخواوەند «ئێریس» نەبێت. ئێریس خواوەندی ناتەبایی و ناکۆکی بوو. ئەو لە دەستی دەهات کە نێوانی مرۆڤەکان تێك بدات.

سەرەتا، شاییەکە بە خۆشی و ئارامی دەستی پێ کرد؛ بەڵام لەناکاو کەسێك سێوێکی هەڵدایە نێو کۆڕی شایی و میوانانەوە. ئەوکەسە خاتووخواوەند ئێریس بوو. لە سەر سێوەکە نووسرا بوو «بۆ جوانترین کەس». هەر کە شاییکەران بەوو کارەیان زانی؛ سێ لە خاتووخواوەندەکان هەستان و داوای سێوەکەیان کرد. هێرا، ئەتێنە و ئەفرۆدیتە. ئاخر هەریەك لەوانە، خۆیان بە جوانترین کەس دەزانی.

هەرسێ خاتووخواوەندەکان داوایان لە زڤێس کرد کێشەکە چارەسەر بکات و دەستنیشانی بکات کام لەو سیانە جوانترینە و سێوەکەی بداتێ. زڤێس قایل نەبوو؛ چونکی هەرکام لەو سێ خاتووخواوەندەی بە جوانترین کەس هەڵبژاردایە، دووانەکەی دیکە لێی زویردەبوون. جا، زڤێسیش نەیدەویست دوو خواوەند بکاتە دووژمنی خۆی؛ بۆیە ئەوکارەی نەکرد و بەدووی یەکێکی دیکەدا گەڕا تا ئەو کارە ئەنجام بدات. زڤێس شازادە «پاریس» کوڕی پاشای شاری «ترۆیا» ی دەستنیشان کرد تا ئەو سێوە بەیەکێ لەو سێ خاتووخواوەندە بدات و بە جوانترین کەسی دابنێت. هێرا بە پاریسی گوت:
- ئەگەر تۆ ئەو سێوەم بدەیتێ، دەبیتە پاشای گشت جیهان
ئەتێنە پێی گوت:
- گەر سێوەکە بدەیت بە من، لە هەرچی جەنگ و کێشەیەکدا هەیە سەردەکەویت و دەیبەیتەوە.
ئەفرۆدیتەش گوتی:

- ئەگەر ئەو سێوە بدەی بە من، جوانترین ژنی دنیا دەبێتە هاوسەرت.

شازادە پاریس حەزی دەکرد جوانترین ژنی دنیا ببێتە هاوسەری، بۆیە سێوەکەی دا بە ئەفرۆدیتە. بەڵام ئایە ئەو ژنە کێیە؟



# هیلێنای جوان

زقێس کچێکی گەلێ گەلێ جوانی هەبوو، ناوی «هیلێنا» بوو. جوانی هیلێنا بێ هاوتا بوو. گەلێ پادشا و قارەمان و پیاوی بەناوبانگ، ئاواتەخوازبوون هیلێنا ببێتە هاوسەریان. هیلێنا، شووی بە شا مێنەلاوس کرد و بوو بە شاژنی شاری سپارتە. خەڵکی گشت، باسی جوانی هیلێنایان دەکرد. هیچ ژنێك نە بوو هێندەی هیلێنا جوانبێت.

هیلێنا و شامێنەلاوس، پێکەوە بەشادی دەژیان، تا ئەو کاتەی باس وخواسی جوانی هیلێنا بەر گوێی شازادە پاریس کەوت. پاریس، سواری کەشتی بوو، لە ترۆیاوە بەرەو سپارتە کەوتە ڕێ. شامێنەلاوس پێشوازیەکی شاهانەی لە شازادە پاریس کرد. هیلێنا و پاریس هەر هێندەی چاویان بە یەکدی کەوت، ئیدی عاشق و شەیدای یەکدی بوون.
کاتێ پاریس بەرەو ترۆیا گەڕایەوە، هیلێناشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت.

هەرهێندی شا مێنەلاوس پێیزانی کە هیلێنا ڕەدووی پاریس کەوتووە، کەللەیی بوو. کەوتە بیری تۆڵەسەندنەوە. ئەم کارەساتانە گشتی بەخواستی خواوەندەکان بوون.

ئیدی هەر خواوەندەکان بوون کاری مرۆڤیان ئاڵۆز دەکرد! ئەفرۆدیتە بەڵێنەکەی خۆی بۆ پاریس بەجێ گەیاند. ئەتێنە و هێراش، یارمەتی مێنەلاوسیان دا.

# ئاکێلیسی قارەمان

شا مێنەلاوس، سەربازەکانی خۆی کۆ کردەوە بۆ هێرش بردنە سەر ترۆیا. مینەلاوس پێویستی بە پاپۆڕ و سەربازی زۆرتر هەبوو، بۆیە داوای یارمەتی لە گشت پادشاکانی دیکەی یۆنان و گشت قارەمانەکانی وڵات کرد؛ تا بە هانایەوە بێن.

یەکێ لەو قارەمانانە، «ئاکێلیس» بوو. دایکی ئاکێلیس لە نەوەی خواوەندەکان بوو (نیمچە خواوەند بوو) کاتێك کە ئاکێلیس هێشتا کۆرپەی ساوابوو دایکی لە ڕووبای مەرگ، لە ستێکسی هەڵکێشابوو.
ئاوی ڕووبارەکەی جیهانی مەرگ، لەشی ئاکێلیسی جیڕکردبۆوە. هیچ تیغێك، نە تیر و نە ڕم و نە شمشێر، لەشی ئاکێلیسیان نەدەبڕی. لەوکاتەدا کە دایکی ئاکێلیسی لە ڕووباری مەرگ هەڵکیکشابوو لە قولەپێی چەپیەوە هەڵی گرتبوو. قولەپێ و پاژنەی چەپی، بە ئاوی رووبای ستێکس تەڕنەببوو. تەنها خاڵی لاوازی ئاکێلیس ئەو پاژنەیەی بوو. دەکرا بریندار بکرێ و تیغ ببیڕێت. ئێستاکەش بەخاڵی لاوازی کەسێك دەگوتریت «پاژنەی ئاکێلیس».



کاتێك ئاکێلیس خورت بوو، کەسێکی بەهێز و ئازای لێ دەرچوو. دایکیشی دەیویست بیپارێزێت. بۆیە هەردەم جلی ژنانەی لەبەر ئاکێلیس دەکرد. خەڵکی وایاندەزانی کە ئاکێلیس ژنە. بێگومان هیچ کام لە پادشاو سەرلەشکری وڵات، ڕازی نەدەبوون ژنێك لە ڕیزی سوپاکەیاندا بێت.

کاتێك سەربازگیری بۆ شەڕی ترۆیا هات. ئاکێلیس هەر بەجلی ژنانەوە دەگەڕا. ڕۆژیکیان ئاشکرابوو کە ئاکێلیس پیاوە و ژن نیە. ئاکێلیس قەولی دا کە یارمەتی لەشکرەکەی شا مێنەلاوس بدات. گەلێ لە پادشا و میر و قارەمانەکانی یۆنان، بۆ هێرش بردنە سەر ترۆیا، بە هانای لەشکرەکەی سپارتاوە هاتن. یەکێ لەو قارەمانانە «ئۆدۆسێڤس» بوو.
لەشکرەکەی گرێکەکان فرەبوو؛ هەر پادشا و سەرکردەیەك، دەیویست ببێتە فەرماندەی لەشکر؛ زۆربەی سەرکردەکانی لەشکرەکە لەنێو خۆیاندا ناکۆك بوون؛ بۆیە شەڕەکەی دژبە ترۆیا زۆر درێژەی کێشا.

# شەڕ لە ترۆیا

هێرشی یۆنانیەکان بۆ سەر ترۆیا دە ساڵی خایاند. گەلێ کەس کوژران. سەربازەکانی ترۆیا زۆر ئازایانە بەرگرییان لە شارەکەی خۆیان دەکرد. شوورەی شاری ترۆیا، گەلێ بەرز و سەخت بوو.
چەندەها شەڕی خوێناوی لەنێوان هەردوو لە شکردا لە دەرەوەی شاردا ڕوویان دا. ئازاترین قارەمانی گرێکەکان ئەکێلیس بوو. ئازاترین قارەمانی خەڵکی ترۆیاش، ناوی «هێکتۆر» بوو.
کاتێك ئازاترین هاوڕێی ئاکێلیس لە هێرشێکدا بەدەستی هێکتۆر کوژرا؛ ئاکێلیس کەللەیی بوو؛ بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی دا.

ئیدی ئێستا شەڕەکە بوو بە شەڕی دوو قارەمان، ئاکێلیس و هێکتۆر. لە دەرەوەی شوورەی ترۆیا، ئەو دوانە ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە. هەردووکیان بەهێزبوون.



ئاکێلیس، هیکتۆری کوشت و لاشەکەی بە دوای ئەسپدا بەدەوری شوورەی ترۆیادا ڕاکێشا. دایك و باوکی هیکتۆر، لە قوللەیەکی قەڵاکەوە چاویان لێبوو کە جگەرگۆشەکەیان بەدەستی ئاکێلیس کوژرا. شازادە پاریس، تیرێکی گرتە ئاکێلیس و دای لە قولەپێی؛ چونکە پنتی لاوازی ئاکێلیس لە پاژنەی پێیدا بوو، دەسبەجێ مرد. ئیدی هەردوو قارەمانە بەناوبانگەکەی شەڕی ترۆیا، ئاکێلیس و هێکتۆر کوژران؛ بەڵام جەنگەکە کۆتایی نەهات.

# ئەسپە دارینە

جەنگی ترۆیا، دە ساڵی خایاند؛ تا لە کۆتاییدا ئۆدێسێڤس جەنگەکەی یەکلا کردەوە.
ئۆدسێڤێس، پیلانێکی زیرەکانەی بەخەیاڵدا هات. گرێکەکان ئەسپێکی فرە مەزنیان لە دار و تەختە دروست کرد. ئەو ئەسپە دارینەیە، لە ڕاستیدا بۆسە و کەمینێك بوو. لەناو ئەو ئەسپە دارینەیەدا جیگەی سی کەسی تێدا دەبۆوە بۆ خۆ مەڵاسدان.

گریکەکان ئەسپە دارینەکەیان لە نزیك شاری ترۆیا دانا؛ پاسەوانەکانی شوورەی ترۆیا، کەوتنە پرسیار لەخۆکردن.

- داخۆ ئەو ئەسپە زەبەلاحە چبێت ؟



گریکەکان لە ئابلووقەی ترۆیا کشانەوە و سواری کەشتیەکانی خۆیان بوونەوە. خەڵکی ترۆیا وایان مەزەندە کرد، کە گرێکەکان لە شەڕ و ئابڵوقەدانی ترۆیا جاڕس بوون و کشاونەتەوە. وەلێ گرێکەکان تەنها بۆ چاوبەستی خەڵکی ترۆیا چووبوونە ناو کەشتی وگەمیەکان و دوای کەمێك ڕووەو ترۆیا بایاندایەوەو لەوناوەدا خۆیان مەڵاسدابوو.

خەڵکی ترۆیا حەزیان دەکرد ئەو ئەسپە زەبەلاحە ببەنە نێو قەڵاکەیانەوە، وەلێ چۆن بیان بردایەتە ژوورەوە، ئاخر ئەسپەکە لە دەروازەی قەڵاکە گەورەتر بوو؛ ئیدی ناچاربوون دەروازەی قەڵاکە بشکێنن، تا ئەسپەدارینەکە ببەنە ژوورێ. لە تاریکی شەودا، کاتێك خەڵکی ترۆیا نووستبوون، سەربازە یۆنانەکان (ئەوانەی لەناو ئەسپەکەدا خۆیان حەشاردابوو)، بەبێ خشپە هاتنەدەرێ؛ پاسەوانەکانی ناو قەڵاکەیان کوشت و هێمایان دا بەو سەربازە یۆنانیانەش کە لە دەرەوەی شار و قەڵاکە خۆیان مەڵاسدابوو. گریکەکان لە گشت لاوە، شەبەیخونیان کرد و قەڵاکەیان داگیر کرد. خەڵکی ترۆیا غافڵگیربوون و نەیانتوانی دەست بکەنەوە. ئاخریەکەی یۆنانەکان ترۆیایان داگیرکرد و تەخت و تاراجیان تێك دا و کاولیان کرد.
شەڕەکەی ترۆیا ئاوها کۆتایی هات.

# گەشتەکەی ئۆدیسێڤس

گریکەکان بۆ ماوەی دە ساڵ، دژ بە ترۆیا، لە جەنگادا بوون. ئیدی دوای گرتن و کاول کردنی ترۆیا، دەیانویست بۆ ماڵی خۆیان بگەڕێینەوە. بەڵام گەڕانەوەی ئۆدیسڤێس زۆر درێژەی کێشا.
ئۆدیسێڤس، پادشای دورگەیەکی گچکە و دوورکەنار بوو. دورگەکە ناوی «ئیتاکا» بوو. کاتێك ئودیسێڤس و سەربازەکانی لە ترۆیاوە بەرەو دورگەکەی خۆیان دەگەڕانەوە؛ گەلێ داستان و ڕووداویان بەسەرهات.
ئۆدیسێڤس هەر چی هەوڵیدا سەربازەکانی ڕزگار بکات، بەڵام بێهودە بوو. گشتیان کوژران؛ تەنها خۆی مایەوە.
ئۆدیسێڤس تاگەیشتەوە ئیتاکا، دە ساڵی خایاند. ئەو گەشتە و بەسەرهاتە، زارەوزار دەگێڕدرانەوە و ببوونە چیرۆك و داستان. هەقایەتخوان و داستانبێژێکی بەناوبانگ، کە نێوی «هۆمێر» بوو، گشت ئەو داستان و بەسەرهاتانەی گرد کردەوە و لە تۆیی کتێبی ئاخنی و ناوینا «ئۆدیسێسن / ئۆدێسیا».

ئۆدێسێسن داستانێکی گەلێ بەچێژە و باس و خواس و بەسەرهاتی خواوەند و قارەمانەکانی یۆنانی گشت تێدایە و لە گشت جیهاندا بە ناوبانگە.
هۆمیر، نووسەر و کۆکەرەوەی ئەو داستان و چیرۆکانە، شاعیریکی مەزنی یۆنان وگشت مێژووشە. پێدەچێت 2500 دوو هەزارو پێنسەد ساڵ بەر لە ئێستا ژیابێت.

# خواوەندەکانی یۆنان و ڕۆمان

گەلێ لە خواوەندەکانی یۆنان دواتر بە ناوی خواوەندەکانی ڕۆمانەوە ناسران. دوای پووکانەوەی دەسەلاتی یۆنانەکان، دەسەلات و توانای هونەری و شارستانی گواسترایەوە بۆ ڕۆما. خواوەندەکانی یۆنان، ناوەکانیان گۆڕان بۆ ناوی خواوەندەکانی ڕۆمان.

| خواوەندەکانی یۆنان | | خواوەندەکانی ڕۆمان |
|---|---|---|
| ئەفرۆدیتە - خواوەندی عیشق و خۆشەویستی | / | ڤینۆس |
| ئاپۆلۆن - خواوەندی ڕووناکی و موسیك | / | ئاپۆلۆ |
| ئارێس - خواوەندی جەنگ | / | مارس |
| ئارتێمێس - خواوەندی ڕاو و شکار | / | دیانا |
| ئەتێنە - خواوەندی ژیرێتی | / | مینرێڤە |
| دیۆنیسۆس - خواوەندی شەراب | / | باسیچوس |
| ئیریس - خواوەندی ناکۆکی و ناتەبای | / | دیسکۆردیا |
| ئیرۆس - ئەو خواوەندەی تیروکەوانی دڵداری وعەشقی پێبوو | / | ئامور |
| گایا - زەوی | / | تێللوس |
| هادێس - خواوەندی جیهانی مەرگ | / | پلوتۆ |
| هیفایستۆس - خواوەندی گڕ / ئاگر | / | ڤولکانۆس |
| هیلیۆس - خواوەندی خۆر | / | سول |
| هێرا - هاوسەری زڤیس | / | جیونۆ |
| هێراکلیس - قارەمان | / | هیرکولیس |
| هێرمێس - پەیامبەری خواوەندەکان | / | میرکوریس |

| | | |
|---|---|---|
| نێمیسیس - خاتووخواوەندی تۆڵە | / | پۆێنا |
| نایك - خاتووخواوەندی سەرکەوتن و بردنەوە | / | ڤێگتۆریا |
| پان - خواوەندی شوانەکان | / | فاوینۆس |
| پێرێسفۆن - هاوسەری هادێس | / | پۆسێرپینا |
| پۆسیدۆن - خواوەندی دەریا | / | نیپتۆنۆس |
| زڤێس - شاخوای خواوەندەکان | / | جۆپیتەر |

| | |
|---|---|
| مێتۆلۆجیا | ئەفسانە |
| گریکەکان | یونانیەکان |
| گریکلاند (هێلاس) | یونان |
| تیاتەر | شانۆ |
| دراما | تێکستی شانۆیی |
| خا / خاتوو | خانم/ خاتوون |
| ژبەرهەندێ | لەبەرئەوە |
| عەزرەت | لەتاو/ لەبۆ |
| حەژمەت | ئۆقرە/ تەحەمول |
| بێئەندازە | زۆر زۆر/ گەلێك زۆر |
| بێهاوتا | تاکوتەنها/ یەکێکی دیکە لەوێنەی نەبێت |
| ئاوەز | ئەقڵ/ عەقڵ و هۆش |
| عەوداڵ/ عەڤداڵ | وێڵبوون و گەڕان بەدوای شتێکدا |
| وەلێ | بەڵام |
| دیکە | یەکێکی کە |
| کەژاوە | عەڕەبانەی ڕازاوە/ عەڕەبانەی شاهانە |
| قەمور | پشت کۆم/ پشت چەماوە |
| ئەڤین | خۆشەویستی/ عیشق |
| بێپەروا | بێگوێ پێدان / بێ ئامانج/ هەرلەخۆوە |
| هەرا | بێ ڕێسایی/ فەوزا |
| ئێرەیی | بەخیلی پێبردن / حەسودی |
| کازێوە | بەرەبەیان / سوبح |
| دەرۆست | دەرەقەت / بەرامبەر وەستانەوە |
| پێحەسیا | هەستیپێکرد |
| مەڵاسدان | حەشاردان / شاردنەوە |
| بۆسە | کەمین / داونانەوە |

| | |
|---|---|
| دوند | لوتكه / ترۆپك |
| گەواڵە | پەڵەهەور |
| پەیام | مەبەست / مەسج |
| ڕاڤە | شیكردنەوە / شەرح / لێكدانەوە |

«...»

## سەرچاوەی ئەم بەرهەمە

GRESKE GUDER OG HELTER

Tekst: ERIK ERIKSSON

Bilder: EVE EDE

Forlag: LETTEST FORLAG 2005

Adress: Pb. 38 Falkum, Skien, Norge

www.llf.no

red@llf.no

وەشانی Lettlest Forlag مافی ئامادە کردن و بەکارهێنانی ئەم بەرهەمەی داوە بە کۆمەک

From: *red@llf.no*
To: *k m <lalokarim@hotmail.com>*
Subject: *Re: tilatelse*
Date: *Wed, 14 Sep 2005 17:29:08 +0200*
>Hei Karim!
>Du gis med dette tillatelse til å bruke "Greske Guder og Helter" som kilde til
>dine prosjekter. Veldig fint at du spurte. Lykke til.
>Mvh
>Bjørn Rudborg
>Lettlest Forlag
>Quoting k m <lalokarim@hotmail.com>:
>
> > Hei
> > Mitt navn Karim H. Mostafa, jeg oersat en del av ( Greske metologi ) til mitt
> > morsmål ( kurdisk ) fra forsjellige kilder, både norsk og englesk.
> > Gir dere, meg tilatelse å bruke forlages bok ( Greske Guder og Helter, tekst
> > Erik Eriksson, og bilder Eva Ede, 2005 ) somn kilde.
> > Takk på forhånd.
> > NB !
> > Boken som jeg lager, er ikke for salg men den bruks som en kilde i
> > undervisnings programe i Kurdistan - Nord Irak, i et moderiserings prosjekt
> > av utdaningssystemet som fylfores av en frivillig organisajon som heter KOMAK
> > ( www.komak.nu )
> > med vennlig hisen

# GREEK MYTHOLOGY

Text by
Erik Erikson

Illistraton by
Eva Ede

Translation from Norwegian to Kurdish by
Karim Mustafa

KOMAK
Oslo - Norway 2006

www.komak.nu